# ئایا جارێکی دیکە تۆپی پێی ئێراق

**هەفتەی رابردوو دەستەی گشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی ئێراق لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی هەولێر زەیتوون بەسەرپەرشتی هەردوو نوێنەری فیفاو ئاسیا کۆنگرەی هەڵبژاردنی بەست، دوای دوو رۆژ لە کۆبوونەوەی نەیانتوانی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن بەهۆی تەواونەبوونی رێژەی یاسایی کە دەبوایە لە کۆی (٦٣) ئەندام(٣٣) ئەندام ئامادەبن، دەستەی گشتی بوون بە دوو پارچە هەندێکیان لە هەولێر و ئەوانی دیکەش لە بەغدا، دوای هەوڵ و کۆششی خێرخوازان لە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان توانرا دەستەی گشتی لە هەولێر و بەغدا بە فەرمی داوای دواخستنی هەڵبژاردن لە فیفا بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم راپۆرتەمان ئامادەکرد:**





**سەرەتا بەڕێز نیزاڵ حەدیدی نوێنەری فیفا وتی:**
ئێمە داوکاری ئێوە ئاراستەی فیفا دەکەین و هەوڵ دەدەین قەناعەت بە فیفا بکەین کە هەڵبژاردنەکان دوابخات و ئێمە هاتووین یارمەتی ئێوە بدەین و نەهێڵین جارێکی دیکە وەرزشی ئێراق تووشی سزای نێودەوڵەتی ببێت و ئەوەی لێرە بینیمان بیگوازینەوە بۆ فیفا.

**دواتر بەڕێز نازم شاکر کە نوێنەری راهێنەرەکان بوو وتی:** ئاواتم ئەوەیە جارێکی دیکە تۆپی پێی ئێراق لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکان دوورنەکەوێتەوە و گەشبینم کە ئەمجارە فیفا سزای ئێراق نادات، چونکە دەستەی گشتی لە هەولێر و بەغدا داوای دواخستنی هەڵبژاردنیان کردووە و دەبێ هەموومان بیر لە بەرژەوەندی ئێراق بکەینەوە.

**ئینجا بەڕێز عیسام دەخیل سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەنبار لەمبارەیەوە وتی:** دوای ئەوەی نوێنەرانی فیفا گوێبیستی داواکاری هەردوو لابوو، وای بۆ دەچم کە رۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانی ئێمەیەو هیوادارم کۆنگرەکە لە ماوەیەکی زوو ئەنجام بدرێت و بکرێتە کەرنەڤاڵێکی خۆشی و شادی.

**پاشان سەرۆکی یانەی دهۆك بەڕێز کاوە فەیسەڵ وتی:** هیوادارین ئەوەی باشە بۆ بەرژەوەندی تۆپی پێی ئێراق بکرێت و ئەم دووبەرەکیە کۆتایی پێ بێت و لەگەڵ ئەوەم یەك دەستەی گشتی هەبێت و یەك هەڵبژاردنیش بکرێ.

**ئینجا رووی پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز حوسێن سەعید سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئێراق کردو و بەڕێزیان وتی:** هەموومان حەز دەکەین هەڵبژاردن لە بەغدا بکرێ، بەڵام ئەمەش بە حەزی ئێمە نابێت و فیفا رای خۆی هەیە و ئێمەش دەبێ پابەندی راوبۆچوونی ئەوان بین و بەیاسا کاربکەین، دەپرسم گەر بڕوایان بە ئازادی هەیە، دەبوایە لێرە ئامادەبن و سەربەست بوون دەنگی خۆیان بەکێ دەدا و تا تووشی سزای نێودەوڵەتی نەبێت



# تووشی سزای نێودەوڵەتی دەبێت

و لەم قەیرانە رزگارمـــان بێت و تەئكیدش دەكەمەوە دەســـتەی گشـــتی لـــە بەغدا هەڕەشەیان لێكراوە و بەهەرحاڵ دواخستنەكە باش بوو.

**دواتر سەرۆكی یەكێتی تۆپی پێی موسڵ عەقید شاهین وتی:** ئەم تێكدەرانە هەوڵیاندا شكســـت بە ئێراق بهێنن و ئاواتەكەیان هاتە دی و سیاســـەتیان خزاندە نێو وەرزش و بە بڕوای من ئێراق تووشی سزا دەبێت، دواتر سەفین كانەبی سەرۆكی لیژنەی هەڵبژاردن هاتـــە ئاخاوتـــن و وتـــی: دوای ئـــەوەی بۆمان دەركەوت كـــە هەڵبژاردنەكان ناكرێ و لەگەڵ گەیشـــتنی رەعد حەموودی بۆ هەولێر و توانیمان تا درەنگی شـــەو هەوڵ بدەین هـــەردوولا لەیەك نزیـــك بكەینەوە و كۆبوونەوەیەكمان ئەنجام دا كە بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆكی لیژنەی ئۆڵۆمپی كوردستان بوو و گەیشـــتینە رێككەوتنێك كە برایان لە بەغـــدا ئامادەبن وەیان واژۆیان بنێرن داوای دواخستن بكەن، ئەوەبوو داواكاریان گەیشت و ئێمە پێشكەشی نوێنەری فیفامان كرد كە پرۆسەكە دوابخرێ.

**پاشان پەیامنێری كەناڵی ئاسمانی KTv، سامان سـلێمان وتی:** وای بۆ دەچم ئێراق تووشی ســـێ ئەگەر ببێتەوە لەوانە سزادان یان دەستەیەكی كاتی دابنرێ و یان ماوەی ئەندامانی پێشوو درێژ بكرێتەوە، بەهەرحاڵ تۆپی پێی ئێراق لـــەو قەیرانە زەرەرمەندی گەورە دەبێت، حـــەزم دەكرد ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدرابوایە، چونكە لە شـــاری هەولێر بـــوو و گرنگییەكی زۆری بۆ كوردســـتان هەبوو .

**ئەمجارەیان نۆرەی پەیامنێری كەناڵی ئاسمانی جەزیـــرە ئەحمەد زاوێتی هات و ئەویش وتی:** فیفا بە پێشـــنیازی دەستەی گشتی رازی دەبێت، بەڵام كێشەی ئێمە فیفا نییە، بەڵكو بەخۆمانیـــن و بووینە دووبەش و تەئكیدیش دەكەمەوە كە ئەو دوو بەرەكییەی لە سیاسەت هەیە لەوەرزشـــیش هەیە و دەبێ بە زووترین كات چارەســـەر بكرێت و بەهیوای ئەوەین ئێـــراق ســـزانەدرێت.**ئینجا لەتیف خەلەف ســـەرۆكی یەكێتی تۆپی پێی دیالە وتی:** ســـەرەتا دەبێ سوپاســـی هەولێر بكەین كە میوانـــداری ئێمەی كرد و لـــەو كۆنگرەیە كە ئەمـــە یەكەمین جار نییە هەڵوێســـتی جوامێرانە نیشان دەدات و بەرپرسان گرنگی پێی دەدەن، زیاتر وتیشی: ئەوانەی لە بەغدا كێشـــەی هاتنیان بۆ هەولێـــر نییە، بەڵكو تەنیا دژیایەتی ئەو كەسانە دەكەن كە خاوەن ئەزموون و كەسایەتیەكی بەرزیان هەیە وەكو حوســـێن ســـەعید ئەوانە ڤایرۆسی وەرزشن دەبـــێ لەگەڵ هاتنی حكومەتی نوێ بنبڕ بكرێن.

**پاشـــان عەبدولخالق مەسعود وتی:** كۆنگرە كە دواخرا، چونكە رێژەی یاســـایی تەواو نەبـــوو. دەبوایە(٣٣) كەس ئامادەبێت ئینجا هەڵبژاردنەكان ئەنجام دەدرا، ئەوانەی بەغدا یاسایی نەبوون لە بەر ئەوەی نوێنەری فیفایان لانەبوو، ئێمە گلەییمان لە ئەندامانی خۆمان هەبـــوو كە لە هەولێر نەبوون و دژی ئێمە لە بەغدا كاریان كرد هەروەها وتیشی: زۆربەی ئەوانـــەی لە بەغدا بوون لەژێر هەڕەشـــە و پاڵەپەســـتۆ نەیانتوانی ئامادەبن، بەهەرحاڵ هیوادارم فیفا داواكاری دەســـتەی گشتی قەبووڵ بكات، وای بۆ دەچم كە دەستەیەكی كاتی دابنرێ تا هەڵبژاردن دەكرێ.

لە كۆتاییدا ئەحمەد رازی نوێنەری یارزانە كۆنەكان بەنـــاوی ئامادەبـــووان داوای لە بەرپرسان و دەزگاكانی ئاسایش و ئەنجومەنی پارێزگاكان كرد هەڕەشە و راوەدوونانی ئەو كەســـانە نەكەن كە لە هەولێر ئامادەبوون و كێشەیان بۆ دروست نەكەن.







## بۆ یەکەمجار لە شاری هەڵەبجەی شەهید

# ئەمڕۆ پاڵەوانیەتی هەڵبژاردەکانی پارێزگاکانی کوردستان بۆ تۆپی پێ بەڕێوە دەچێت

دوای ئەوەی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاریگایەکی نێودەوڵەتی لە شاری هەڵەبجەی شەهید دروستکرا، بۆ ئەوەی خزمەتی لاوانی ئەمشارە بکات وەکو هاندانێك بۆ ئەوەی وەرزش بە تایبەتی یاری تۆپی پێی لەم شارە پێش بکەوێت، بۆ ئەم مەبەستە وەکو پاڵپشتیەك یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاریدا یارییەکانی هەڵبژاردەکانی پارێزگاکانی کوردستان لە هەڵەبجە بەڕێوە بچێت و بە فەرمی ئەم یاریگایە بکرێتەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی هونەری کردنەوەی یاریگاکە دوادەخرێت و یارییەکانی ئەم پاڵەوانیەتیە لە یاریگەی چیمەنی دەستکرد ئەنجام دەدرێ. لە هەمان کاتدا کۆبوونەوەی یەکێتی تۆپی پێ کوردستان لەم شارە بەڕێوەچوو. لەم پاڵەوانێتیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی هەولێر و کەرکوك و دهۆك و سلێمانی بەشداری تیادا دەکەن و خولەکە بە شێوازی دەرچوون بە دوو دۆڕاندن بەڕێوە دەچێت و گشت خەرجییەکانیش دەکەوێتە سەر ئەستۆی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان.



## ئەرکی ئەندامە کوردەکانی لیژنەی ئۆڵۆمپی ئێراق چییە؟



کاتێك هەڵبژاردەکانی لیژنەی ئۆڵۆمپی ئێراق ئەنجام درا، لەم لیژنەیە چەندین کورد بوونە ئەندام دوای ئەوەی هەریەکە لە بەشار مستەفا و سامی سەعید بوونە جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی ئێراق و هەندێکیش بوونە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئەم لیژنەیە، بەڵام لێرە پرسیارێك دێتە کایەوە، ئایا کاری ئەم ئەندامانە لە بەغداد چییە و چ رۆڵێکیان هەیە بۆ خزمەتکردنی وەرزشی کوردستان، ئایا بونیان لە بەغداد تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیانە یاخود تەنیا خۆیان سودمەندن لە شاری بەغداد؟

وەکو باسمان کرد کێشەیەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئێراق دروست بوو، بەپێی ئەو زانیاریانە، کە بەشار مستەفا جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان سەرۆکی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئێراق بوو، بەڵام ئامادە نەبوو بێتە شاری هەولێر، چونکە سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی ئێراق دژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شاری هەولێر بوو، بۆیە نەیتوانی بەبێ رەزامەندی سەرۆکەکەی لە هۆڵی هەڵبژاردن ئامادە بێت، واتە بەرژەوەندی خۆی بە بەرژەوەندی کوردستان نەگۆڕیەوە، وا دیارە بەشار مستەفا ئەوەی لە یاد چووە، کە بە دەنگی ئەندامە کوردەکان ئەم پۆستەی وەرگرتووە و ئەرکی سەرەکی ئەو خزمەتکردنی کوردستان و وەرزشی کوردستانە، بەهەمان شێوە سامی سەعید تا ئێستا لە لیژنەی ئۆڵۆمپی ئێراق هیچ رۆڵێکی نییە و هیچ بڕیارێکی بە دەستەوە نییە، بوونی وەکو جێگری سەرۆك تەنیا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەتی. بەپێی ئەو زانیاریانە سامی سەعید لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە شاری هەولێر بووە، بەڵام نەیتوانیوە بەبێ پرسی رەعد حەموودی لە هۆڵی هەڵبژاردن ئامادە بێت.بۆیە داوا لە بەرپرسانی وەرزشی کوردستان دەکەم بە زووترین کات ئەندامە کوردەکانی لیژنەی ئۆڵۆمپی ئێراق و سەرۆکە کوردەکانی یەکێتیە وەرزشییەکانی ئێراق و ئەندامە کوردەکانی یەکێتیە وەرزشییەکانی ئێراق بانگهێشتی کوردستان بکرێن بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت تاکو بزانن بوونیان لەم یەکێتیە وەرزشیانە تەنیا خزمەتی کوردستانە، ئەگەر ناتوانن ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن، با کەسانی شایستە بچنە شوێنی ئەم کەسانە.

## عەبدوڵڵا مەحمود:

# لە ژیانی وەرزشیم مەرجم بۆکەس دانەناوە

**یەکێك لە ڕاهێنەرە هەرە بە تواناکانی شاری هەولێرە، پێشتر لە یانەی هەولێر یاری کردووە و ڕاهێنەری هەریەك لە یانەکانی هەولێر و بروسك و کەرکوك و پێشمەرگەی هەولێر و هەڵبژاردەی کوردستان بووە، چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە و چەندین یاریزانی بەناوبانگ لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتووە، بە پێویستمانزانی ئەم دیمانەی لەگەڵ ئەنجامبدەین.**

***خولی ئەمساڵی کوردستان چۆن بوو.**

- سەرەتا دەستخۆشی لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەم، یەکێك لە خولە هەرە پێشکەوتووەکانە لەسەر ئاستی ئێراق بوو. دەستخۆشی لەیانە سەرکەوتووەکان دەکەم.

*** دوای وازهێنانت لە مەشقی یانەی کەرکوك وتت پۆستی هیچ یانەیەك وەرناگرم و زیاتر لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان سەرقاڵ دەبم، بۆچی چوویتە یانەیەکی تر؟**

- دوای وازهێنانم لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی کەرکوك لەبەر هۆیەکی تایبەت بەخۆم، دواتر بوومە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان حەزم لێبوو هەموو یارییەکان ببینم لە خولی کوردستان، هەرچەندە یاری زۆربەی یانەکانیشم بینی بوو، بەڵام بۆئەوەی لەدەستنیشانکردنی یاریزان تووشی گلەیی نەبین، برادەرێکی خۆشەویستم لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر پەیوەندی پێوەکردم بۆئەوەی ڕاهێنەرایەتی ئەو یانەیە بکەم کە حەوت یاریان مابوو، منیش کەوا کەسێك کاری بەمن بێت و کارەکەش خزمەتی گشتی تێدابێت، ئەوە قسەی ئەو برادەرەم نەشکاند و سەرپەرشتی تیپکەم کردو نەمانهێشت دابەزێت و سوودێکی باشی ماددی و مەعنەویشم کرد بۆخۆم.

*** ڕاستە لە خولی کوردستان لە قۆناغی دووەم یاری نێوان ئێوە و پیرس فرۆشرا بوو؟**

- بەخوای ئەم شتانە هەمووی دوورە لە ڕاستی، چونکە پیرس لە یاری پێش ئێمە و پاش ئێمەش تووشی دۆڕان بوون.

***لە ماوەی وەرگرتنی ئەم چەند یارییەی لە یانەی پێشمەرگە کە تۆ ڕاهێنەر بووی لە یارییە بەهێزەکان تۆ سەرکەوتوو نەبووی بۆچی؟**

-ئێمە وەکو دەستەی ڕاهێنەران دەستمان لەسەر ئەو یانانە دانابوو کەوا لە ململانێی ئێمە بوون، دەبوایە لەوان ببەینەوە وەکو یانەکانی شێروانە و خاك، چونکە هەم سێ خاڵی لێ وەردەگرین و هەم سێ خاڵی لێ کەم دەکەینەوە، ئەوەی ویستمان کردمان.

*** کاتی خۆی تۆ یاریدەدەری دکتۆر کازم ڕوبەیعی بووی لەیانەی هەولێر، دەنگۆی ئەوە هەبوو بە یاریزانان پشتوان شبیب و مەحمەد خۆشناوەت ووتوە یاری بۆمەکەن، با من ببمە ڕاهێنەری تیپەکە بە تایبەتی یاری ئێوە بەرامبەر یانەی ڕومادی؟**

-نەخێر شتی وا نییە، بەڵام یاری ڕومادی خۆی کازم ڕوبەیعی یارییەکی دۆڕاندو تووشی هەڵچوون بوو، لە پشووی گێمی یەکەم هاتە ژوورەوە لەقەکی لە دەرگا داو برادەرانی ئیدارەش گلەییان لێکرد و هاتنەوە هەولێریش بڕیاری دوورخستنەوەیان دا، بەڵام زۆرشت لە کازم ڕوبەیعی فێر بووم، چونکە یەکێکە لە ڕاهێنەرە هەرە بەتواناکانی عێراق، ئەو یاریزانانەش ماون کەوا من شتی وام پێوتبن.

***بۆچی ماوەیەك لەگەڵ هەر یانەیەك بەردەوام دەبیت و دواتر دەست لەکار دەکێشیەوە، هۆکاری چییە بەردەوام نابی؟**

- بەردەوام بوومە، بەڵام لە یانەی هەولێر دووریان خستمەوە، دەستم لەکار نەکێشاوەتەوە. لە یانەی بروسك هەر دووریان خستمەوە، لە کەرکوك خۆم دەستم لە کارکێشایەوە لەبەر باری ئاسایشی ناوچەکەو باری خێزانی خۆم.

*** دەنگۆی گفتوگۆیەکی نهێنی لەنێوان تۆو یانەی بروسك دا هەیە بۆ گەڕانەوەت بۆ ڕیزی یانەکە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

-نەخێر هیچ شتێکی لەمجۆرە لەنێوان من و یانەی بروسك نییە، بەڵام بروسك یەکێکە لە یانە هەرە باشەکانی کوردستان و هەموو کەس هیوای بۆ دەکات لەم یانەیە کار بکات.

*** دەڵێن عەبدوڵڵا مەحمود کوتلەچییە، دەچێتە هەر یانەیەك یاریزانی خۆی هەیە؟**

- کوتلە چی نیمە، من هەردەم یاریزانم خۆشدەوێ و حەزدەکەم یاریزانیش منی خۆش بووێ، بەخۆشم سەرۆکی کوتلەکە بم، چونکە ئەگەر وابێت ئەوە یاریزان یاریت بۆ دەکات، هەموو ڕاهێنەرێك کۆمەڵێك یاریزانی خۆی هەیە.

*** تائێستا هیچ یانەیەك داوای لێ نەکردی ئەرکی مەشقی یانەکەیان وەربگریت؟**

- بەڵێ دوو یانە داوایان لێکردومە.

*** خۆت بە شایستەی پۆستی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان دەزانی؟**

-بەڵێ

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشچوونی خولی نایابی کوردستان؟**

-شتی باش کراوە، بەڵام پێم باشە شتی باشتریش بکرێت، یاریگای تیپە مللییەکان زیاتر بکرێنەوە و گرنگی بە تیپی قوتابخانەکان بدرێت، چونکە سەرەتای دروستبوونی یاریزان لە قوتابخانەیە و گرنگی بە یاریزانانی پەروەدەکان بدرێت و یاریگای شەش یاریزانی کەم بکرێتەوە.

*** تاچەند لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانی؟**

-چەندین جار داوام کردووە، لەگەڵ چەندین بەرپرسیش ئەم قسەیەم کردووە، ئەگەر یاریگایەکم بدەنێ و خۆم قوتابخانەیەك بکەمەوە چەند مامۆستایەك بهێنین لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی بۆئەوەی قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان دروست بکەین، ئەگەر ئیمکانیەتی مادیم هەبوایە، خۆم ئەمکارەم دەکرد.

*** ئەگەر یانەی بروسك داوات لێ بکات بگەڕێیتەوە، بەمەرج دەگەڕێیتەوە یان ڕاستەوخۆ؟**

-هیچ مەرجێکم بۆکەس نییە، کاتی خۆشی و لە ژیانی وەرزشیم مەرجم بۆکەس دانەناوە، چەند ساڵ لەهەولێر وەرزشم کردووە و بۆندیشم نەبووە، بەڵام ئەو چەند ساڵەی دوایی منیش وەکو ڕاهێنەرکانی تر داوای بۆندم کردووە.



# هۆکاری دیاردەی ئاژاوە لە یاریگاکانی کوردستان بۆ چ دەگەڕێتەوە؟

**دوای ئەوەی لە ژمارەی رابردووی گۆڤارەکەماندا ئاماژەمان بەوە دا، کە راپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر دیاردەی ئاژاوە لە کوردستان دەکەین، کە لە دوای ساڵەکانی ٢٠٠٠ ئەم دیاردەیە زۆر بە زەقی لە نێو یاریگاکانی کوردستان دیارکەوت و هیچ یارییەك یاخود پاڵەوانێتییەك بەبێ دروستبوونی ئاژاوە کۆتایی نەدەهات، بە پێویستمان زانی راوبۆچوونی چەند کەسێکی پسپۆڕ لە بواری وەرزش وەربگرین دەربارەی ئەم دیاردەیە و دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ ئەوەی ئەمجۆرە دیاردانە دووبارە نەبێتەوە لە یاریگاکانی کوردستان.**

**سەرەتا بێجان ئیبراهیم سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان دەربارەی ئەم کێشەیە وتی:** ئەم دیاردەیە بۆ سەرۆك و ئەندامانەی دەستەی کارگێڕی یانەکان دەگەڕێتەوە و هەروەها سەرپەرشتیاری تیپەکان بەرپرسن لە دروستبوونی ئاژاوە لە نێو یاریگە و هەروەها یاریزانەکانی کوردستان لە هەموو یارییەکان رۆشنبیر نینە لە بواری وەرزشی، بۆیە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە دەبێت پێش دەستپێکردنی هەر پاڵەوانێتییەك ئەم کەسانی شارەزان لە بواری دەروونی چاوییان بە یاریزانەکان بکەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە لایەنی دەروونی ئەم یاریزانانە ئامادە بکات، سەبارەت بە جەماوەر ئەمە بۆ راگەیاندن دەگەڕێنمەوە، چونکە ئەوان بەرپرسن لە رۆشنبیری کردنی جەماوەر بە بۆچوونی خۆم سزای مادەی یاخود یاریکردن بەبێ جەماوەر چارەسەر نییە.

**دواتر سەفین کانەبی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان دەربارەی ئەم کێشەیە وتی:** بەرپرسەکانی یانە و یەکێتیە وەرزشییەکان ئەوان بەرپرسن لە دروستبوونی ئاژاوە لە نێو یاریگاکانی کوردستان و لە زۆربەی یارییەکان، چونکە ئەم بەرپرسانە زۆربەیان وەرزشوان نینە و هیچ شتێك لە وەرزش نازانن، بۆیە دۆڕان بە گیانێکی وەرزشی وەرناگرن و یاریزانەکانیان هان دەدەن بۆ ئەوەی ئاژاوە بگێڕن و ناوبژیوان بە کەمتەرخەم دەزانن ئەمانە هەمووی هۆکاری دروستبوونی ئاژاوەیە لە نێو یاریگاکانی کوردستان، بۆیە دەبێت ئەم بەرپرسانە بەخۆیان دابچنەوە، ئەگەر ناتوانن یانە یاخود یەکێتیە وەرزشییەکان بەڕێوببەن، بابچنە نێو پەیژەکان و شانبەشانی جەماوەر چەپڵە لێبدەن باشترە لەوەی ببنە بەرپرسێکی وەرزشی.

**پاشان سەلام حوسێن سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان وتی:** دیاردەی ئاژاوە دیاردیەکی ناشیرینە و مێژوویەکی دوورودرێژی لە جیهان هەیەو سەرەتای ئەم دیاردەیە بۆ وڵاتی ئینگڵتەرە دەگەڕێتەوە، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئینگڵتەرە بە هاوکاری راگەیاندنی وەرزشی توانیان ئەم دیاردەیە بنبڕ بکەن، لەخودا بە زیاد بێت ئەم دیاردەیە لە خولەکانی کوردستان کەمە و لە خولەکانی ئێراق ئەم دیاردەیە بە زقی دیارە، بۆیە دەبێت دەستەی کارگێڕی یانەکان و راگەیاندنی وەرزشی و یەکێتیە وەرزشییەکان هەڵمەتێکی گەورە بکەن بۆ ئەوەی ئەمجۆرە دیاردەیە لە کوردستان نەمێنێت.

**دواتر سامان بریفکانی رۆژنامەنووسی وەرزشی دەربارەی ئەم کێشەیە وتی:** زۆر کەس ئاژاوەگێڕیی نێو یاریگەکانی کوردستان هاوشێوەی ئاژاوەگێڕی لە یاریگەکانی ئەمریکای باشوور و تورکیا و مەکسیك دەخاتە روو. بە بۆچوونی من هۆکاری دروستبوونی ئاژاوەگێڕیی لە کوردستاندا جیاوازیی لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەیە.

ماوەی چەندین ساڵە کوردستان بە بارودۆخێکی نائارام تێپەڕ بووە. ئەمە کاریگەریی لەسەر پلەی رۆشنبیریی لاوان و هاندەران هەبووە و میللەتی چەندین ساڵ بۆ دواوە گەڕاندەوە، هەروەها نەبوونی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی شێوازی هاندان لە رێگەی یەکێتییە وەرزشییەکان و دەزگا راگەیاندنە وەرزشییەکان و لیژنە تەرخانکراوەکانی بەڕێوەبردنی خولە جیاجیاکان لە نێو جەماوەر و هاندەراندا وایکردووە، هاندەران نەزانن بە چ شێوەیەك هانی تیپەکەیان بدەن.

ئەوەمان خراپە ئێمە وا دەزانین دەبێ ئەو تیپەی خۆشمان دەوێ، تەنیا بباتەوە و نابێت بیدۆڕێنێت. کاتێ تیپەکەمان دەدۆڕێنێت، ئاژاوە دەنێینەوە و ناوبژیوان و تیپی بەرامبەر بەردباران دەکەین، کەچی هەموومان لە مۆندیالی ٢٠١٠ دا بینیمان خەڵکانی ئەو وڵاتانە چۆن هانی تیپی خۆیان و تیپی بەرامبەریان دەدەن.

کەمیی رۆشنبیری و ململانێی حزبایەتی و ناوچەگەرێتی و کەمتەرخەمیی لیژنەی ئامادەکاران و ئاسایشی نێو یاریگە هۆکارێکی گەورەی ئاژاوەنانەوەن. ئەمەش لەسەر هەموو جەماوەرێك ناچەسپێت، بەڵکو ئێمە جەماوەری رێکوپێك و خاوەن رۆشنبیریی زۆرمان هەیە، بەڵام لە نێو خەڵکە خراپەکەدا ون بوون. بە هەمان شێوە وەك خۆم بەدیم کردووە، زۆربەی ئاژاوەگێڕانیش تەمەنیان بچووکە و پێویستە کەسانی گەورە لە خزم

ئا: رێبین رەمزی









و کەسان لەگەڵیاندا بێت، ئینجا ڕێ بدرێت ئەو منداڵ و مێردمنداڵانە بکرێنە ژوورەوە.
بە داخەوە ئێمە میللەتی کورد کردەوە خراپەکانی وڵاتانی دەرەوە لە مێشکمان دەچەقێنین و کارە باشەکانیان ڕەت دەکەینەوە.

**پاشان شۆڕش عەباس ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر دەربارەی ئەم دیاردەیە وتی:** دیارە ئەم دیاردەیە ماوەیەك لە کوردستان سەری هەڵداوە بە تایبەتی کاتێك یانەی هەولێر تووشی دۆڕان دەبێت، ئەمەش بۆ کەمی ڕۆشنبیری وەرزشی لە لایەن جەماوەر دەگەڕێتەوە، چونکە هەموو یانەیەك تووشی دۆڕان دێت بە تایبەتی یاری تۆپی پێ دۆڕاندن و بردنەوەی هەیە، بە داخەوە زۆربەی ئەم جەماوەری کە دێتە نێو یاریگە تەمەنیان ١٥ یاخود ١٦ ساڵە، واتە تەمەنیان بچووکە، بۆ نموونە کاتێك یانەی هەولێر یاری لە هەردوو شاری ڕومادی و شەرگات یاریکرد و توانی بە ئەنجامێکی گەورە سەرکەوتن تۆمار بکات، کەچی جەماوەری ئەم دوو یانەیە هانی یانەی هەولێریان دەدا و بە چەپڵە ڕێزان ئەم تیپەیان بەڕێکرد، بۆیە داوا لە جەماوەری وەرزشی دەکەم، کە کاتێك ئامادەی یارییەکان دەبن هانی هەردوو یانە بدەن تاکو بتوانین ئەم دیاردەیە لە کوردستان نەمێنێت، هەروەها فڕێدانی دەبەی ئاو شتێکی ناشیرینە، بۆیە دەبێت جەماوەری وەرزشی سەیری یارییەکانی وڵاتانی ئەورووپا بکات بۆ ئەوەی بزانێت جەماوەری یانە گەورەکانی ئەورووپا لە کاتی دۆڕاندنی یانەکانیان چۆن مامەڵە دەکەن و بە چ شێوازێك هانی یانەکانیان دەدەن.






بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021 Email: sport@gulan-media.com